دوای 14 ساڵ ئەنفال یادەوەرییە یان کارەساتێکی بەردەوام؟!

چوارده ساڵ بەسەر شاڵاوی ئەنفال تێدەپەڕێ کە ڕژێمی عێراق لە دژی خەڵکی کوردستاندا ئەنجامیدا کەچی ئامارەکان وا دەریدەخەن کەوا ئەنفال پرۆسەیەک نییە لە ڕابردوو ڕوویدا بێت بەڵکو هەرەشەیەکە و بەردەوام لەگەڵماندا دەژیت، چونکە ئەو ڕژێمەی شاڵاوی ئەنفالی ئەنجامدا تاکو ئێستا دەسەڵات ماوە و بە ڕاشکاویش هەرەشەی ئەنجامدانی ئەنفالی تر دەکات. شاڵاوی ئەنفال کە تیایدا 182 هەزار مرۆڤ بێ سەروشوێن کرا نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی هەبوو، نە لەسەر ئاستێ نێوخۆیش نەیتوانی ببێتە مایەی دارشتنی گوتارێکی سیاسی و یەکبوون و هاودەنگییەکی نەتەوەیی بۆیە شاڵاوی ئەنفال چەندە ڕەگێکی قووڵی لە ڕابردوومانداا هەیە ئەوەندەش هەرەشەیەکی جدییە بۆ سەر ئێستا و ئایندەمان، بۆیە ئەم تاوانە مێژوویە بەردەوام پێویستی بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مەعریفییانە هەیە.

بۆیە دەپرسین چ بەهانەیەکی ئایدۆلۆژی لە پشتی پرۆسەی ئەنفالەوە بوو؟

ڕژێم بەو هەڵمەتە فراوانە دەیویست چی لە بونیادی کۆمەڵگای کوردی بکات؟

ئایا ئەنفال چ کارلێکەرێکی لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی کۆمەڵگای کوردەواری دانا؟

بۆچی ئەوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر ئەو کارەساتانە نەبوو؟

هێزە سیاسییەکان چۆن ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە بوونەوە و چیان کردووە و ئێستا لەم بوارەدا چییان پێیە؟.

سازدانی تەوەرە- هیوا مستەفا

مەریوان وریا قانیع:

ئەنفال وەڵامێکی جینۆسایدیانە بوو بە هەر هیزێك لە عێراقدا "دەوڵەتی خێزانی" سەدام و منداڵەکانی قبوڵ نەبێت

-ئەنفال بۆ ڕژێمی عێراقی ڕووداوێکی لە پڕو ناوازە و خۆیە خۆ نەبوو، ڕووداوێك نەبوو لە ساتە وەختێکی تووڕەبوونداا بڕیاری لەسەر درا بێ و بکرایە لە ساتە وەختی هێمن بوونەوەدا لێی پاشگەز ببنەوە، ئەنفال بڕیارێکی ستراتیژی بوو کە ڕاستەوخۆ وابەستەی کارەکتەرو پێکهاتو شێوازی ئەو دەسەڵاتەیە کە من لە یەکێك لە نووسینەکانمادا بە شێوە "دەسەڵاتی جینۆسایدی" ناوم ناوە. دەسەڵاتێکیش کارەکتەری جینۆسایدی هەبێت دەسەڵاتێك نییە لەسەر بڕیاری خۆ بەخۆ کار بکات و بە تەنها سایکلۆژیای نوخبەی سیاسی بەڕێوەی ببات، بە پێچەوانەوە ئەم شێوە تایبەتەی دەسەڵات، دەسەڵاتێکە پلانکار و بیرۆکرات و ڕۆژانە. پلانکارە بە مانای ئەوەی بڕیارەکانی بەرهەمی لێکدانەوەیەکی وردو پێشێن و حیساب بۆ کراوە، بیرۆکراتیە بە مانای ئەوەی ئەوانەی بەشدارن لە دەرکردن و جێبەجێکردنیدا خۆ بە خۆ کار ناکەن بەڵکو لەژێر سایەی یاساکانی ماشانێکی گەورەی بیرۆکراسییەتدا جێبەجێدەکەن، پیادە کردنی تاوانەکان بەوە پاساو ئەدەن گوایە ئەوان تەنها "ئەرك" یان واجبێکیان جێبەجێکردووە. ڕۆژانەشە بە مانای ئەوەی ئەو دەزگایانەی بڕیاران لەسەر داوە و جێبەجێیان کردووە کۆمەڵێك دەزگان کە ژیانی ڕۆژانەی هەر یەکێك لە ئێمە بەڕێوە دەبەن.

کەوابوو ئەوەی لە پشتی ئەنفالەوە ئامادەیە بەهایەکی ئایدۆلۆژی نییە بە تەنها، تەوەندی خود ناسینی دەسەڵاتێکە بۆ خۆی، سەماندنەوەو یاسادانکردنی کاراکتەری کوشندەکانییەتی لە بەردەم خۆی و لە بەردەم ئەو کۆمەڵگایەدا کە بەڕێوەی دەبات. ئەنفال لەم ڕووەوە نارەندی بەیامێك بوو بۆ کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی، پەیامی ئەوەی کە هیچ هێزێك بۆی نییە سادەترین پرسیار لە شەرعییەت و مانەوەی دەسەڵاتی بەعس بکات لە ڕۆژگاری دوای کۆتایی هاتنی جەنگدا، ئەوشی ئەم سەرچاوەیە ئەنجامدات چاردنووسی وێران کردن و لەناو بردنی سەرتاسەری دەبێت. وەك دەبینن من قسە لە ڕۆژگاری دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەکەم. ڕۆژگارێك تێیدا بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵات لە عێراقدا لە وێرانبوون و پوکانەوەیەکی تەواوەتیدا بوو. بەڵام داخۆ مەبەستمان چییە لەوەی کە دەڵێین بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵات لە عێراقدا لە ساتەوەختی پوکانەوەدا بوو، لە کاتێکدا هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا هەرگیز دەسەڵاتێکی شەرعی نەبووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت لە هەلومەرجی ساتەوەختی ڕووداوی ئەنفال و بەر لە ڕووداوی ئەنفال بڕوانین. بە بۆچوونی من ئەو ساتەوەختە ساتەوەختی قەیرانە هەرە گەورەکانی دەسەڵاتی بەعسە لە عێراقدا لە ڕۆژی هاتنە سەر دەسەڵاتییانەوە تا ئەو کاتەی جەنگی ئێران و عێراق لە کۆتایی هاتندا بوو بەبێ ئەوەی عێراق بتوانێت حیکایەتی سەرکەوتنی خۆی لەم جەنگە خوێناوییەدا بەکەس بفرۆشێت، ئەم جەنگە وڵاتەکەی گۆڕپەبووە سەر کوانویەکی بەتاڵ و وێران، لە ڕووی ئابوورییەوە عێراق لەو پەڕی لاوازیدابوو، نزیکەی چوار تا پێنج ملیۆن ئینسان لە عێراقدا چەکدار بوون و لە پڕێکدا هەموان لە بەردەم ڕووبەڕووبونەوەیە کی سەختی بێنکاری و بێ ئایندەیی و بێ شوێن و جێی ناو کۆمەڵگای عێراقی دوای جەنگدا بوون، نوخبەی بیرۆکراتی دەوڵەت تەواو سەرقاڵی فرۆشتنی کەرتی ئابووری گشتی بوو بە خۆی و بەم کارەش دەوڵەت هەر ڕۆژە و بەشێك لە توانا ئابووریەکە کەمەی ئەدڕاند کە بۆی مابووەوە، بەشێکی گەورەی سەرمایەی عێراقی کە لە پیشەسازی سەربازیدا خەرج کرابوو، دوای جەنگ بە هیچ مانایەك بایەخی نەمابوو. لە پڕێکدا دەوڵەت مایەپوچ بوو کە کۆمەڵگای عێراقی لە بەردەم کارەساتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژیدا بوو.

ئەوەی لە پشتی ئەم ڕێنە تاریکەوە ئامادەیە ئەو ڕاستیەیە کە دەوڵەتی بەعس لە عێراقدا هەموو شەرعیەتی سیاسی خۆی لەسەر بەدیهێنانی کۆمەڵێك "دەسکەوت" و داہێنکردنی لانی کەمی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای عێراقی، بنیاد نابوو، ئەوەی خۆیان پێیان دەگوت "منجزات السورە" بەعس هێزێکی ناشەرعی بوو، ئەم ناشەرعییەتەشی لەژێر پەردەی داہێنکردن و پێشکەشکردنی ئەو لانی کەمی پێویستییانەدا شاردبۆوە، لە پڕێکدا ئەم بناغە تایبەتەی شەرعییەت لەدەست درا، دەوڵەت چیدی نەیدەتوانی بەردەوام بێت بەو شێوەیەی کە هەفتاکان و هەشتاکاندا ئامادە بوو، نەیدەتوانی چیدی کۆمەڵگا وەك کشتێك بەخێوکات و لانی کەمی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابینکات. کە ئەمەشی نەکرد یەکەمین شتێك ڕووبەڕووی بەوایەتەوە پرسیاری شەرعییەتی بوونی ئەو دەوڵەتەو ئەو نوخبەیەیە کە بەڕێوەی دەبەن. لە ڕاستیدا هەر ئەم هەلومەرجە دوای ئەنفال دەوڵەتی کوێنتشی بەو چارنووسە برد کە هەموومان دەیزانین. لە کۆتاییە کانی جەنگی ئێران و عێراقدا و لە دۆخێکی قەیراناوی لەم بابەتەدا دەوڵەت دوو ئەگەری لەبەردەمدا بوو. یان ئەوەتا دەبوایە دەرگاکانی بەشداربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی والا بکات و لە دەوڵەتێکی تۆتالیتار و خێزانییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی کراوەی کۆمەڵگا و کارەکتەرێکی دیموکراسی وەرگرێت، بەمەش ئەو هەژارییەی بەڕێوە بوو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموواندا دابەش بکات، وەك دەگوترێت کە نانی نەبوو بیدات بە خەڵك دەبێ ئازادی و مافی قسە کردنیان بداتێ. یاخود ئەوەبوو کارەکتەرە تونددڕەوتیژ و جینۆسایدییەکەی بە کۆمەڵگا نیشاندات و بیسەلمێنێت کە لە پاڵ هەژاریدا دەبێت بیدەنگیش قبوڵ بکەن. بەعس یەکەمیانی بۆ جێبەجێ نەدەکرا و هەرگیزیش بۆی جێبەجێ ناکرێت، بەڵام دووهەمیانی زۆر بە ئاسانی جێبەجێ کرد، لەم ڕووەوە ئەنفال وەڵامێکی جینۆسایدیانە بوو بە هەر هێزێك لە عێراقدا "دەوڵەتی خێزانی" سەدام و منداڵەکانی قبوڵ نەبێت. پێموایە گرنگی ئەنفال لە ئاستی عێراقدا لە نادردنی ئەو پەیامەدایە کە باسم کرد بەڵام لە ئاستی کوردستاندا ئەنفال کۆمەڵێك مەبەستی دیکەی جێبەجێکرد، وەك ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی پەلامارەکانی ئەنفال تێکدانی تەواوەتی لادێکانی کوردستان بوو، هەموومان دەزانین لادێی کوردی سەربەخۆترین بەشی کۆمەڵگای کوردی بوو، ئەم لادێیە لادێیەك بوو خۆڕێبێن و لە چەند ڕوویەکی کە میشەوە شار ژیبێن، واتە لادێیەك بوو هەم توانای ژیاندنی خۆی و هەم توانای ژیاندنی بەشێکی کەمی دانیشتوانی شارەکانی کوردستانی هەبوو، لەمەش بترازێت سەرزەمین و حەشارگەی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە بوو کە سالەهای سالبوو لە کوردستاندا ئامادە بوو، هەروەها جوگرافیای تایبەتی هەر هێزێکی بەرهەلستەکەری ئایندەش بوو کە دەکرا دوای وستانی شەڕو تەقینەوەی قەیرانەکانی دەوڵەت دروست بێت، لێرەوە وێرانکردنی لادێکانی کوردستان وێرانکردنی ئەگەرەکانی ژیان و گەشەکردنی هەموو ئەو هێزە ناڕازی و تووڕەبوو کە دەکرا کۆمەڵگای قەیراناوی دوای جەنگی عێراق و ئێران بەرهەمیان بهێنێت. بەم مانایە ئەنفال تێکدانی دواهەمین پەناگای هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیش بوو کە خەونی سەربەخۆبونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی نەخشەکانی بەعس و دەوڵەتی بەعسیدا بینیبێت. ئەمە جگە لەوە تێکدانی لادێکانی کوردستان تێکدانی ئەو پەیوەندییە تایبەتە بوو کە لە نێوان لادێی کوردی و شاری کوردیدا هەبوو، کۆکردنەوەی بە زۆری خەڵکی لادێکانی کوردستان لە ئۆردوگا بە زۆرەکانی نزیك بە شارەکانی کوردستاندا، لە ڕۆر ڕووەوە تێکدانی ئەو هاوسەنگییە تایبەتە بوو کە مێژوری ئێمە لە نێوان شار و لادێی کوردیدا دروستی کردبوو. ئەم پرۆسەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ئاشکرا دەرەنجامێکی خراپی لێکەوتۆتەوە کە دەکرێت ناوی پرۆسەی بە "بەلادێکردنی شارەکان"ی کوردستانی لێبنێین، ئەو فەزا کۆنە پارێزەی ئەمڕۆ لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ئامادەیە بە بەراورد کردنی بە هەفتاکان و هەشتاکاندا بەڵێن، لە چەند ڕوویەکەوە دەرەنجامی ئەو پرۆسە بەڕفراوانەی بە لادێکردنی شارەکانە.

بە کورتی ئەنفال هەنگاوی یەکەمی کۆنترۆلکردنی ئەو ناوەتی هەموو کۆمەڵگای ئێمە بوو، وێرانکردنی لادێی کوردی وێرانکردنی هەموو ئەو توانایانە بوو کە ئەم کۆمەڵگایە بۆ بەرگری و خۆپارێزی لە بەردەمیدا بوو. کۆکردنەوەی هەموو خەڵکی کوردستان لە سێ شاری گەورەو کۆمەڵێك ئۆردوگای زۆرەملێدا لە خەیاڵو عەقڵیەتی بەعسدا پرۆژەی تەسلیم بوونی تەواوەتی کۆمەڵگای کوردی تا ڕادەی لەناو بردنی سەرتاسەری ئەم کۆمەڵگایەی، مەیسەر و ئاسان دەکرد. ئەگەر جەنگی کەندااو ئەو دەرەنجامانەی دواتر لەم جەنگەوە کەوتنەوە نەبوایە، دەڕێرم بڵێم کۆمەڵگای کوردی وەك گشتێك لەبەردەم هەڕەشەی نەمانی سەرتاسەریدا بوو، ئەنفال کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ئەم هەڕەشە کوشندەیە بوو لەسەر هەموومان.

- پێموایە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوودا لەسەر هەندێك لەو دەرەنجامانە دوام کە گرنگترینیان مەسەلەی لەناوبردنی بناغەی خۆژیانی و پشت بەخۆ بەستن و سەربەخۆبوونی کۆمەڵگای ئێمە بوو. لە ڕووی ئابوورییەوە دروستکردنی کۆمەڵگایەك بوو کە دابینکردنی سادەترین پێویستییە ئابوورییە کانی ژیانی ڕۆژانەی چاوەڕوانی دەستی دەوڵەت بێت. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستکردنی زیاد لە دوو ملیۆن پەناهەندەی ناوەکی و بەرهەمهێنانی خەڵکانێك بوو لە دەرەوەی هەبوونی سادەترین مەرجی سەربەخۆیی بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا، بە زۆر مانا زەحمەتە بە کۆمەڵگای کوردی دوای ئەنفال بڵێین کۆمەڵگا، کۆمەڵگا بە مانای بوونی پێکەوەیی کۆمەڵێك خەڵك لە شوێنێکدا کە لە پەیوەندییەکی سەربەخۆی کار لێکەو کارلێکی پێچەوانەدا بن لەگەڵ یەکدا، لە دوای ئەنفالەوە پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە کەناڵە کانی دەوڵەتدا تێدەپەڕی، دەوڵەت پێدزکێیەکی تەواوەتی کردبووە ناو هەموو ئەو پەیوەندییانەوە کە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکەوە و بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەیکەوە و بە توێژە جیاوازەکانی ناوخۆیەوە گرێدەدا. بڕی کۆنترۆلکردنی ئەم کۆمەڵگایە بە ڕادەیەك بوو دەکرێت بڵێم کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم قامکەکانی بەعسدا وەك تابلۆیەکی لێهاتبوو چۆنی بوێت وای ڕێنە بکات، بە مانایەکی دیکە کۆمەڵگای ئێمە هەموو توانا کانی سەربەخۆبوونی لەدەستدابوو.

پێشتر باسم لە پرۆسەی بە لادێکردنی شارەکانی کوردستان کرد، پێموایە ئەنفال لەم ڕووەوە کۆمەڵێك کێشەی بۆ کۆمەڵگای کوردی دروستکردووە کە چارسەرکردنیان پێویستی بە دەیان ساڵی ئیشی بەرنامەیی وردو لەسەر خۆ هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو پەیوەندییانە بۆ قۆناغی بەر لە ئەنفال بە هەموو کێشە و قەیرانەکانی ئەو کاتەوە.

سەد دەر سەد لەو باوەڕەدام کە ئەنفال لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دیمان کێشەی گەورە گەورەی بۆ مرۆڤی کورد و گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دروستکردووە. بەڵام لاوازی فیکری سایکۆلۆژی و نەبوونی لێژان و نەبوونی سێنتەرو نەاوەندی سایکۆلۆژی تایبەت لە کوردستاندا نەیانهێشتووە ئەو بەشەی کە تاوانی کردووە، لەبەرچی کردویەتی، چی کردووە، چۆن کردوویەتی، ئەو پاڵنەرانە چیبوون وای کردووە هەزاران هەزار کورد بەشدار بن لە پەلامارەکانی ئەنفالدا، ئایا ئەمانە چ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەم بەشدارییونە هەیە و لە دیدی ئەوانەوە ئەم بەشدارییونە چ "مانا"یەکی هەبووە و هەیە؟

هەموو ڕاگەیاندنی کوردی لەم دە ساڵەی دوایی چاوپێکەوتنێکی تێیدا نییە لەگەڵ یەکێك لەوانەدا کە بەشداری پەلامارەکانی ئەنفالی کردووە. ئەو گوناهە گەورەیەی بەرامبەر بە قوربانییەکان و بەرامبەر بە کۆمەڵگای ئێمە کراوە ئەوەیە کە لێبوردنی سیاسی و لێبوردنی ئەخلاقی بە یەکدی یەکسان کراون و بەم یەکسان کردنەش ڕێ لە دروستبوونی وێژدانێکی ئەخلاقیی ڕەخنەیی و ئینسان دۆستی گیراوە کە هەر کۆمەڵگایەك بیەوێت پارێزگاری لانی کەمی ئینسانییەتی ئینسانە کانی ناوی بکات، پێویستی پێیەتی.

- پێموایە ئەم بێدەنگ بوونە کەم تا زۆر وابەستەی ستراکتوری نێونەتەوەیی و کولتووری بااڵدەستی ڕۆژگاری جەنگی سارد. عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانەی زۆر بە وردی لەسەر ستراکتوری و کولتووری ڕۆژگاری جەنگی سارد گەمەی دەکرد. خۆشحاڵانە ئەمڕۆکە ئەو ستراکتور و کولتوورە کۆتاییان پێهاتووە، پرنسیپی سەروەری نەتەوەیی "السیادە الوگنیە" لە زۆر ڕووەوە لەژێر پرسیاردایە و ئەو گرنگییەی نەماوە کە لە قۆناغە کانی پێشتردا هەیبوو، هەلومەرجی پارێزراوی ئێستای کوردستان خۆی نمونەی لاوازبوونی ئەم پرنسیپەیە.

پرنسیپی سەروەری نەتەوەیی یەکێك لە پڕ مەترسیترین پرنسیپە کانی فەلسەفەی سیاسی ئەم سێ سەدەیەی دوایی گەشەکردنی مۆدێرنەیە، لەژێر سایەی پاراستنی ئەم پرنسیپەدا دەستی زۆر دەوڵەت والأبوو لە کۆکوژی ئەو گروهە ئەتنی و ئایینی و کۆمەڵایەتییانەدا کە نەدەکەوتنە ناو هەندەسە کۆمەڵایەتییە کانی دەوڵەت و خەیاڵی سیاسی دەوڵەتەوە. سەروەری سیاسی مانای قۆرقەپی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو بەرامبەر ئەو هەموو تاوانە ناوەکییانەی دەوڵەت بەرامبەر بە گروهە ناڕەزاو نەویست و بە ناپاك ناوبراوەکان ئەنجامی ئەدا. لەمانەش بترازێت عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەتێکی گرنگە و خاوەنی نەوتێکی هێجگار زۆرە، ڕازیکردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن بۆ سوود و قازانج و دەسکەوتی ئابووری تایبەتی مەسەلەیەکی بەردەوامبووە و مەسەلەیەکی کەم تا زۆر بەردەوامیش دەبێت. بۆیە ئەوەی لە عێراق و کوردستاندا گرنگە ئەنجام بدرێت دروستکردن و داهێنانی کۆمەڵێك دەزگای تایبەتە کە بتوانێت دەسەڵاتی ئەوانەی دەوڵەت لە عێراقدا بەڕێوە دەبەن بخاتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە، بەبێ چاودێریکردنی دەسەڵات، ئەگەر و مەترسی جینۆسایدی ئەگەر و مەترسیی زیندوون. خۆشحاڵانە چیدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تەنها کۆمپانیا گەورەکان و دەزگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نین، بەڵکو چەندەها هێز و گروهی مەدەنی و ناەوڵەتی و سەربەخۆن هەندێ جار دەتوانن دەنگی لاوازی ئینسان و گروهی بچووك و ترسێنراوی قوژبنە تەریك و نەدیتراوەکانی زەوی بە جیهان بگەیەنن. ئەم ئەگەرانە گەرچی بچوکن بەڵام دەشێت کاری گەورەیان پێ بکرێت. لەم ڕووەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمڕۆ جیاوازییەکی بەرچاوی لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەردەمانی جەنگی ساردا هەیە.

- ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئەنفال کراوە کەمەو زۆرێش کەمە، ڕاستە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند شتێکی سەرەتایی ئەنجام دراون، بۆ نموونە کۆمەڵێك هەوڵدران بۆ ئامارکردنی قوربانییەکانی ئەنفال و دۆکۆمێنتکردنی، دەرکردنی بڕیاری کەسانێکی دیکە دروستکرد، ئەو کات داوای لێبوردن کەمترین شتێکە جێبەجێ بکرێت. بە بۆچوونی من کارساتێکی ئەخلاقی گەورەیە تا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمەی لێکاوە تا ئەوکاتەی نازانێت ئەو بەشەی کە تاوانی کردووە، لەبەرچی کردویەتی، چی کردووە، چۆن کردوویەتی، ئەو پاڵنەرانە چیبوون وای کردووە هەزاران هەزار کورد بەشدار بن لە پەلامارەکانی ئەنفالدا، ئایا ئەمانە چ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەم بەشداربوونە هەیە و لە دیدی ئەوانەوە ئەم بەشداربوونە چ "مانا"یەکی هەبووە و هەیە؟

هەموو ڕاگەیاندنی کوردی لەم دە ساڵەی دواییدا چاوپێکەوتنێکی تێیدا نییە لەگەڵ یەکێك لەوانەدا کە بەشداری پەلامارەکانی ئەنفالی کردووە. ئەو گوناهە گەورەیەی بەرامبەر بە قوربانییەکان و بەرامبەر بە کۆمەڵگای ئێمە کراوە ئەوەیە کە لێبوردنی سیاسی و لێبوردنی ئەخلاقی بە یەکدی یەکسان کراون و بەم یەکسان کردنەش ڕێ لە دروستبوونی وێژدانێکی ئەخلاقیی ڕەخنەیی و ئینسان دۆستی گیراوە کە هەر کۆمەڵگایەك بیەوێت پارێزگاری لانی کەمی ئینسانییەتی ئینسانە کانی ناوی بکات، پێویستی پێیەتی.

- پێموایە ئەم بێدەنگ بوونە کەم تا زۆر وابەستەی ستراکتوری نێونەتەوەیی و کولتووری بااڵدەستی ڕۆژگاری جەنگی ساردە. عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانەی زۆر بە وردی لەسەر ستراکتوری و کولتووری ڕۆژگاری جەنگی سارد گەمەی دەکرد. خۆشحاڵانە ئەمڕۆکە ئەو ستراکتور و کولتوورە کۆتاییان پێهاتووە، پرنسیپی سەروەری نەتەوەیی "السیادە الوگنیە" لە زۆر ڕووەوە لەژێر پرسیاردایە و ئەو گرنگییەی نەماوە کە لە قۆناغە کانی پێشتردا هەیبوو، هەلومەرجی پارێزراوی ئێستای کوردستان خۆی نمونەی ئەم پرنسیپەیە.

پرنسیپی سەروەری نەتەوەیی یەکێك لە پڕ مەترسیترین پرنسیپە کانی فەلسەفەی سیاسی ئەم سێ سەدەیەی دوایی گەشەکردنی مۆدێرنەیە، لەژێر سایەی پاراستنی ئەم پرنسیپەدا دەستی زۆر دەوڵەت والأبوو لە کۆکوژی ئەو گروهە ئەتنی و ئایینی و کۆمەڵایەتییانەدا کە نەدەکەوتنە ناو هەندەسە کۆمەڵایەتییە کانی دەوڵەت و خەیاڵی سیاسی دەوڵەتەوە. سەروەری سیاسی مانای قۆرقەپی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو بەرامبەر ئەو هەموو تاوانە ناوەکییانەی دەوڵەت بەرامبەر بە گروهە ناڕەزاو نەویست و بە ناپاك ناوبراوەکان ئەنجامی ئەدا. لەمانەش بترازێت عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەتێکی گرنگە و خاوەنی نەوتێکی هێجگار زۆرە، ڕازیکردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن بۆ سوود و قازانج و دەسکەوتی ئابووری تایبەتی مەسەلەیەکی بەردەوامبووە و مەسەلەیەکی کەم تا زۆر بەردەوامیش دەبێت. بۆیە ئەوەی لە عێراق و کوردستاندا گرنگە ئەنجام بدرێت دروستکردن و داهێنانی کۆمەڵێك دەزگای تایبەتە کە بتوانێت دەسەڵاتی ئەوانەی دەوڵەت لە عێراقدا بەڕێوە دەبەن بخاتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە، بەبێ چاودێریکردنی دەسەڵات، ئەگەر و مەترسی جینۆسایدی ئەگەر و مەترسیی زیندوون. خۆشحاڵانە چیدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تەنها کۆمپانیا گەورەکان و دەزگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نین، بەڵکو چەندەها هێز و گروهی مەدەنی و ناەوڵەتی و سەربەخۆن هەندێ جار دەتوانن دەنگی لاوازی ئینسان و گروهی بچووك و ترسێنراوی قوژبنە تەریك و نەدیتراوەکانی زەوی بە جیهان بگەیەنن. ئەم ئەگەرانە گەرچی بچوکن بەڵام دەشێت کاری گەورەیان پێ بکرێت. لەم ڕووەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمڕۆ جیاوازییەکی بەرچاوی لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەردەمانی جەنگی ساردا هەیە.

- ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئەنفال کراوە کەمەو زۆرێش کەمە، ڕاستە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند شتێکی سەرەتایی ئەنجام دراون، بۆ نموونە کۆمەڵێك هەوڵدران بۆ ئامارکردنی قوربانییەکانی ئەنفال و دۆکۆمێنتکردنی، دەرکردنی بڕیاری کەسانێکی دیکەوە و بە تایبەت بۆ کۆتایی هێنان بە مەسەلەی "بزربووەکان"، لەم دواییانەشدا بڕیارەوەی مانگانە و یارمەتی تایبەت بۆ پاشماوەی خێزانە ئەنفالکراوەکان، بەڵام ئەم کارانە لەگەڵ باشیاندا سەرەتای سەرەتاکانن، ئەنفال جینۆسایدە، پاککردنەوەی کۆمەڵگایەك لە ئەگەری جینۆساید تەنها بە ئامارکردن و بڕیارەوەی یارمەتی مانگانە بۆ قوربانییەکان کۆتایی پێ نایەت.

لەم ڕووەوە خوێندنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتێك جینۆسایدیان بەرهەمهێنابێت کارێکی لە ڕادەبەدەر گرنگە، پاککردنەوەی کۆمەڵگایەك لە ڕەهەندە جینۆسایدییەکانی دەسەڵات کاری زۆرو وردی دەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان بە گشتی و زانکۆکان بە تایبەتی، دەبێت پرۆژەیەکی گەورەی خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵگا و دەسەڵات و ئەخلاقیات و خەیاڵ و عەقڵیەتە دەست پێبکەن کە کارساتی وەك ئەنفال بەرهەم دەهێنن. چ کولتوورێکی سیاسی، کام مۆرالی کۆمەڵایەتی، چ شێوازێکی کارکردنی دەسەڵات، کام پێکهات و بونیادی ئابووری، کام فۆرمی دەوڵەت، چ سیستمێکی بەڕێوەبردن ئەنفال و کارساتی لە شێوەی ئەنفال دروستدەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بە وتنەوەی دەیان کۆرسی تایبەت لە بواڕە جیاجیاکاندا هەیە، پێویستمان بە گەڕخستنی چەندان لە دید و میتۆد و زانستی جیاجیایە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەم کۆکوژییە گەوردیە، دەبێت سروشتی ئەو دەسەڵات و کولتوور و خەیاڵ و عەقڵیەتە بخوێندرێتەوە کە دروستی کردووە، تەماشای ئەو بنکە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژییانە بکرێت کە کارساتێکی لەم بابەتە بەرهەم دەهێنن، لەوە بڕوانرێت تا چەند ئەنفال گەگرێك لە ئەگەرە زیندووەکانی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی و سیاسی و کولتووریەیە کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین، ئایا ئەنفال شتێکە لە دوا مانەوە یان گەگرێك لە پێشمانەوە؟

نایشارمەوە، باوەڕی تەواوەتیم بەوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای "دوای ئەنفال" نییە، بەڵکو کۆمەڵگای "بەر لە ئەنفالە". ئەنفال لە دیدی منداا کارساتێك نییە یەکجار ڕووداببێ و تەواو بووبێت، ئەو کۆمەڵگایەی ئەنفالی دروستکرد، ئەو شێوازی دەسەڵاتەی ئەنفالی بەرهەم هێنا، ئەو کولتوورە سیاسییەی لە پشتی ئەم تاوانەوە بوو، بە کورتی بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانەی ئەنفالیان دروستکرد، هێشتاکو وەك خۆیان ماونەتەوە و کاری ڕاستەقینە بۆ لابردن و گۆڕانیان نەکراوە. لە ئاستی خوێندنەوەی شێلگیردا دەبێت تیمی لێکۆڵینەوەی زانستی دروست ببێت بۆ خوێندنەوەی دەرەنجامە جیاوازەکانی ئەنفال بۆ سەر سیاسەت، کولتوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خەیاڵی و سایکۆلۆژی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە. لە ڕاستیدا من تەواو باوەڕم بەوەیە بەبێ بە قسە هێنانی تاوانبارانی ئەنفال و بەبێ گوێگرتن لە حیکایەتی ئەوانەی بەشدار بوون لە پیادەکردنی ڕووکارە جیاجیاکانی ئەنفالدا، ناتوانین لە زۆر ڕەهەندی گرنگی کۆمەڵگای کوردی و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و کولتووری و سایکۆلۆژیای ئینسانی ئێمە بگەین. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدان بۆ دروستکردنی دادگا یان هەر ئاوەندێك کە تاوانبارانی ئەنفال تێیدا خۆیە خۆ حیکایەتی خۆیان بگێڕنەوە و تێیدا داوای لێبوردن لە قوربانییەکان بکەن، مەسەلەیەکی هێجگار گرنگە.

ئەم مەسەلەیە مەسەلەی دانانی پلان نییە بۆ کوشتن و بڕینی خەڵکانێك کە بەشدار بوون لە ئەنفالدا، بە پێچەوانەوە مەسەلەی کردنەوەی دەرگایەکی ڕاستەقینەیە لەسەر لێبوردنێکی ئەخلاقی گەورەو بنیادنانی وێژدانێکی کۆیی تەندروست و هەنگاوی یەکەمی لە ڕیشە هەلکێشانی ئەو بنەماو میکانیزمە کولتووری و ئەخلاقیانەیە کە ئەنفالیان دروستکرد.